# ئەگەر خەڵكی بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە بانگدان وڕیزی یەكەم؛ ئەوا كە نەیانتوانیایە هیچ شتێك بكەن جگە لە تیروپشك ئەوا ئەنجامیان دەدا

لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵكی بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە بانگدان وڕیزی یەكەم؛ ئەوا كە نەیانتوانیایە هیچ شتێك بكەن جگە لە تیروپشك ئەوا ئەنجامیان دەدا، وئەگەر بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە ئەنجامدانی نوێژ لە سەرەتای كاتەكەیدا؛ ئەوا پێشبڕكێیان دەكرد لەسەری، وئەگەر بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە نوێژی عیشا وبەیانی؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر لەسەر گاگۆڵكێش بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت كە ئەگەر خەڵكی بیانزانیایە چی فەزڵ وخێر وپیرۆزیەك هەیە لە بانگدان وڕیزی یەكەم؛ پاشان نەیانتوانیایە هیچ پێوەرێك بدۆزنەوە بۆ پێشخستن وهەڵبژاردنی باشترین كەس مەگەر بە تیروپشك نەبێت، ئەوا تیروپشكیان دەكرد لەسەری بۆئەوەی دەربكەوێت كێ شایستەترە پێش بخرێت بەرامبەر بە هاوەڵانی، وئەگەر خەڵكی بیانزانیایە چی خێرێك هەیە لە ئەنجامدانی نوێژ لە سەرەتای كاتەكەیدا؛ ئەوا پێشبڕكێیان دەكرد لەسەری، وئەگەر خەڵكی بیانزانیایە چەندێك پاداشتیان پێدەبەخشرێت لەسەر هاتن بۆ نوێژی عیشا وبەیانی؛ ئەوا هاتن بۆ ئەو نوێژانە ئاسان دەبوو لەلایان ئەگەرچیش بە گاگۆڵكێ بهاتنایە لەسەر ئەژنۆكانیان هەروەكو چۆن منداڵ یەكەم جار بەسەر زەویدا دەڕوات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65735